# دەسەڵات میدیاشی گەندەڵ کرد

**سمکۆ محەمەد**



ئەگەر تائێستا قسەمان لەسەر نەبوونی شەفافیەت و گەندەڵی لەدامودەزگای و حیزبی و حکومیەکانی کوردستان بوو, قسەمان لەسەر میدیا روو زەردەکان بوو کە بەئەدایەکی خراپ کاریان دەکرد و متمانەی خوێنەریان لەدەست دابوو, لەئێستا بەدواوە دەبێ قسە لەسەر نەبوونی شەفافیەت و گەندەڵی و بێلایەنیی میدیا و رۆژنامەگەری کوردی بێ, قسەمان لەسەر جیاکردنەوەی میدیای راستەقینە و میدیای موزەییەف بێ, من لەبەر ئەوە موناقەشەی ئەم بابەتە دەکەم, چونکە تاکە شتێك کە رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی دەبینی رۆژنامەی ئازا بوو, بۆیەش ناوی دەنێم رۆژنامەی ئازا, چونکە بڕوام بەزاراوەی ئازاد نیە بۆرۆژنامە و میدیا بەگشتی, بەقەد ئەوەی بڕوام بەرۆژنامەو رۆژنامەنووسی ئازا هەیە و ئێستا گومانی کەوتۆتە سەر.

پانتاییەك کە بۆ رێگەگرتن لەکۆنترۆڵ و بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکان هەبوو, دەسەڵاتی حیزبی لەکوردستان بەشێوەیەك لەشێوەکان کۆنترۆڵی ئەو کایەیەشی کرد, توانی لەرێگای رۆژنامەنووس و رۆژنامەی موزەییەفەوە, هەرچی زیاتر ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بەدەست بێنێ, هەرئەوەی کەئێستا بەچاوی خۆمان دەبینین, فەوزایەك لەنێو رۆژنامەگەری کوردیدا هەیە, دەسەڵات پشتگیری ماددی و مەعنەوی لێدەکات و سەرچاوەی دارایی و هەواڵەکانیشی بۆفەراهەم دەکات, کەسانی وەها دەکاتە رۆژنامەنووس و نووسەر و رێزیان لێدەگرێت کە تەنانەت رێز لەبەها و ئەخلاقیاتی رۆژنامەنووسی ناگرن, ئەمەش تەنها بۆئەوەیە کە هەم بەرەی دژەکانی خۆیانی پێ لاواز بکەن, هەم بۆئەوەش کەشانی خۆیان لە ئەرکەکان خاڵی بکەنەوە, لەبەرامبەر ئەمەشدا لەغیابی خۆیان شەڕیان لەماڵەکانی خۆیان خستۆتە دەرەوە و وەهمێکیان لەلای رۆژنامەنووس دروست کردووە و بۆتە واقیع, لەبری دەسەڵات رۆژنامەنووس شەڕی بەوەکالەت بۆحیزب و کەسانی نێو دەسەڵات بکەن, دیسان ئەمەش بۆئەوەیە کەرۆژنامەنووسان لەنێو خۆیاندا سەنگەر لەیەکتر بگرن و قەزیە ئەسڵیەکانی کۆمەڵگەیان بیر بچێتەوە کەراستەوخۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان لێی بەرپرسیارن سائەمە بەئاگای بێت یان بەپێچەوانەوە.

زەمینەیەك کە بۆگەندەڵبوونی بەشێك لەرۆژنامەکان و میدیا بەگشتی سازکراوە, بۆ ئەوەیە دەسەڵات چاوی رۆژنامەنووسی جدی پێ بشکێنێ و گەندەڵییەکانی خۆیمان لەبیر بباتەوە, بۆئەوەیە لەخەڵك بگەیێنێ کە ئەوان بەبێ دیکۆمێنت قسەمان لەسەر دەکەن, بەڵام بۆ ئێمە ئامادەکردنی دیکۆمێنت بۆ گەندەڵبوونی میدیا پێویست ناکات, چونکە خۆیان چاودێرن بەسەر یەکترەوە, بۆئەمەش هەرچی پێی بکرێ هاوکاری مادییان دەکەن, هەر لەو گرووپە دروستکراوانەی کە لەسەر بودجەی حکومەت و حیزب سەفەری دەرەوەی وڵات دەکەن و دەبنە دەمڕاستی رۆژنامەنووسان, تادەگاتە ئەو خەرجی و ماڵیاتانەی کە بەشێوەیەکی ناشەرعی وەریدەگرن, هەر لەو دەزگایانەی کەبۆیان دادەمەزرێ, تادەگاتە ئەو سەرچاوە هەواڵانەی کە کۆنە شەڕی تەکەتولاتی حیزبی و تەسفیە حیسابی کۆنی پێ یەکلایی دەکەنەوە.

ئێستا ئیتر کاتی ئەوەیە رۆژنامەنووسی جدی بۆساغکردنەوە و ئاشکراکردنی ئەم گەمەیە, خۆی بۆ جەنگێك ئامادە بکات کە من ناوی دەنێم جەنگی دژەگەندەڵی رۆژنامەنووسی, ئەگەر وەکو بەناو حیزبە ئۆپۆزسیۆنە کارتۆنییە کوردستانیەکانیش نەتوانن رێگە بەو ستایلە بگرن کە دەسەڵات لەپشتییەوەیەتی و بۆ ئەوەیەتی کاریگەری خراپ لەسەر خوێنەر دانەنێ!,

لانیکەم ڕێگە لەو فەوزایە بگرن کە خەریکە خوێنەر جارێکی تر متمانەی ڕاگەیاندن لەدەست دەدات, ڕێگە لەو ستایلە بگرن کە حیزبی کوردی, نیازێتی ڕۆژنامە بەدەردی ئەو حیزبانە بەرێ کە بوونەتە پاشکۆی پارتی و یەکێتی.